# میتافۆری چەمكیی لەزمانی كوردیدا

ID No. 3769

(PP 162 - 175)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.6.11

**حاتم وليا محمد**

بەشی زمانی كوردی - كۆلێژی پەروەردە / زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر

Hatam.muhammad@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2020/09/26**

**پەسندكردن : 2020/12/09**

**بڵاوكردنەوە : 2020/12/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆخستنەڕوی دەربڕینە میتافۆرییە چەمكییەكان (تەقلیدییەكان)ی وەك: بۆ نموونە كات و جەستەی مرۆڤ و تەندروستی و نەخۆشی و گیاندارەكان و رووەكەكان و ئامێرو ئامرازەكان و... هتد. بە هۆی بەكارهێنانی ئەو شێوازانەی كە تیۆری خوازەی چەمكیی بەكاریدەهێنێت. بەپێی رێبازێكی زمانەوانیی زانینیی كە بۆ یەكەمجار لە لایەن (لاكۆف و جۆنسن) ەوە لە ساڵانی (١٩٨٠) ەكانەوە خراوەتەڕوو. توێژینەوەكەش جگەلە پێشەكی لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە : لە بەشی یەكەمدا بە شێوەیەكی تیۆریی باس لەمیتافۆری چەمكیی كراوەو لە بەشی دووەمیشدا بەنموونەی شیكارییەوە ئەو چەمكەخوازەییانە روونكراونەتەوە كە ئێمە هەرگیز ناتوانین بەبێ ئەوانە بژین.

**كلیلە وشە:** میتافۆر( خوازە) ، میتافۆری چەمكی ( مەعریفیی – عەقلیی ) میتافۆری تەقلیدی، ڕەوانبێژی، زمانەوانیی، بوارە بنچینەییەكان، بوارە ئامانجییەكان.

## پێشەكی

### ناونیشان وسنوری توێژینەوەكە:

ناونیشانی توێژینەوەكە میتافۆری چەمكییە لە زمانی كوردیدا. وەك چوارچێوەیەكی تیۆریش بۆ شیكردنەوەیەكی زمانیی لە ناونیشانەكەوە سنوری چەند لایەنێكی توێژینەوەكە رەنگ دەداتەوە شان بە شانی یەكتر؛ سنوری توێژینەوەكەش دەربڕینە چەمكییەكانی (میتافۆرە _ خوازەكانی) بۆ نموونە ،وەك كات و جەستەی مرۆڤ و تەندروستی و نەخۆشی و گیاندارەكان و رووەكەكان و ئامێرو ئامرازەكان هتد بە هۆی بەكارهێنانی ئەو شێوازانەی كە تیۆری خوازەی چەمكیی بەكاری دەهێنێت.

### گرنگیی و هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:

گرنگی و هۆی هەلبژاردنی ئەم بابەتە بە هۆی چەند فاكتەریكەوە بوو لەوانە:

یەكەم: خوازە تەقلیدییەكان بە شێوەیەكی وا بەربڵاون لە زماندا كە مەحالە تاكەكان بتوانن لە كارلێكی ژیانی رۆژانەی خۆیاندا ئەم خوازانە بەكارنەهێنن ، یان دەست بەرداری بن، جا چ بە شێوەیەكی بەئاگایی بێت یان بەبێ ئاگایی. لەڕاستیدا دەربڕینە خوازەییە تەقلیدییەكان لە كوردیدا بۆ نموونە وەك كات زۆر بە خێرایی دەڕوات و لە عەرەبیشدا ( تجری الايام بسرعه) ولە ئینگلیزیشدا(Time goes by quickly ) لە زمانی رۆژانەدا زۆر بەربڵاوە و بەشێكی زۆری قسەپێكەرەكان تێبینی ئەوە ناكەن كە ئەمە خوازەیە لەسەر بنەمای داتا شیكراوەكانی خۆیان لاكۆف و جۆنسن سەلماندیان كە قسەپێكەری ئینگلیزی زۆربەی بیرۆكە دونیاییەكانی خۆیان لە روانگەی خوازەوە دەردەبڕن. لە هەمانكاتیشدا McNeil (1992) ئەوەی روونكردۆتەوە كە خوازەكان لەزۆربەی گفتوگۆ دونیاییەكانماندا پاڵپشتی هێما جوڵەییەكانی دەست دەكەن ئێمە پاڵپشتی ئەو بانگەشەیە دەكەین كە لەلایەن تیۆری خوازەی چەمكییەوە خراوەتەڕوو، بەوەی كە خوازە تەقلیدییەكان زۆر بەهێزترن لە خوازە نوێیەكان و زۆر دوورن لە وەی كە بمرن. هەروەها ئەو خوازانە شێوەی ژیانی رۆژانەمان و بیرەكانمان پێكدەهێنن. كەواتە؛ خوازە تەقلیدییەكان دەبنە بناغەیەك بۆ خوازە نوێیەكان و بەم شێوەیە خوازە نوێیەكان درێژەپێدەری خوازە تەقلیدییەكانن.

هۆكاریكی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەبوو كە میتافۆر (خوازە) رۆڵێكی گرنگ دەبینیت لە بیر و تێگەیشتن و لۆجیكی مرۆڤدا. سەرەڕای ئەمە ڕۆڵێكی كاریگەرییش دەبینن لە دروستكردنی واقیعی كۆمەڵایەتی و كەلتوری و سایكۆلۆجیماندا. كەواتە؛ هەر

هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتنی میتافۆر بەشێکی نەپچڕاوەیە لە تێگەیشتن لەوەی کە ئێمە چین و لە چ جۆرە جیهانێکدا دەژین. هەروەها بۆ باشترین تێگەیشتنیش لە کار و کردەوەی خەڵکدا پێویستە مرۆڤ ئەو میتافۆرە چەمکیانە بناسێت کە لەگەڵیاندا دەژییت سەرەڕای هەموو ئەوانەی سەرەوە بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ کە بووە مایەی نووسینی ئەم بابەتە بەو ناونیشانەوە ئەوەبوو کە لێکۆڵەرانی بواری میتافۆر لە زمانی کوردیدا تەنها وەک ئامرازێکی ڕەوانبێژی سەیری خوازەیان کردووە و تەنها ئەو برگە و بابەتانەیان لێکداوەتەوە کە پەیوەستن بەخوازەوە و لە نموونە هێنانەوەکانیشدا بۆ سەڵماندنی بیر و ڕاکانیان زیاتر جەختیان کردۆتە سەر نموونەی شیعریی و دەقە ئەدەبییەکان، بێ ئەوەی کە ئاگادار بن کە میتافۆر ئەوەندەی پەیوەندی بە زمان و زمانەوانییەوە هەیە هێندە پەیوەست نییە بە شیعر و ئەدەبیاتەوە . هەر بۆیە لە لێکدانەوە و راڤەکردنی میتافۆر(خوازە)دا نەیانتوانیووە سنووری ئەدەب ببەزێنن و ناوچەیەکی تایبەتیی زمان و زمانەوانی بۆ لێکۆڵینەوەی میتافۆر تەرخانبکەن، بێگومان ئەمەش هاندەرێکی سەرەکی نووسینی ئەم توێژینەوەیە بوو.

**کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە**:

خوازەی تەقلیدی خوازەیێکە کە زۆر بە قوڵی ئاخاوتنی رۆژانەی داپۆشیوە و دەتوانرێت لە رۆژنامە و گۆڤار و پەخشانە ئەدەبییەکان و ئاخاوتنە زارەکییەکاندا کۆ بکرێتەوە.

**رێبازی توێژینەوەکە:**

هەمان ئەو دید و رێبازە نوێیەی کە جۆرج لاکۆف و مارتن جۆنسن (1980) سەبارەت بە میتافۆر خستوویانەتە ڕوو کە پێیدەگوترێت "میتافۆری زمانەوانیی" , کە ئەمەش دیدێکی کۆگنێتیڤیی (مەعریفیی – عەقلیی) یە, واتە, پەیوەستە بە فێربوون و زانینی توانای مێشکەوە. لاکۆف و جۆنسن بە چەند تایبەتمەندییەکی ئەم جۆرە خوازە زمانەوانییەوە ، خوازەییانە دەیانناسێنن و لەسەرووی هەمووشیانەوە پێیدەڵێن "ئەو خوازانەی کە لەگەڵیاندا دەژین.:

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە گشتی لە پێشەکییەک و دوو بەش بەش پێکهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: کە ناونیشانی میتافۆری چەمکیی دراوەتێ ، بەشێکی تیۆرییە و ئەم سەرە باسانەی خوارەوە دەگرێتەخۆ:

پێداچوونەوەیەک بۆ کارەکانی پێشتر، لەم سەرەباسەدا هەوڵدراوە باس لەکارەکانی پێش ئەم تویژینەوەیە بکرێت لە بواری میتافۆری یان خوازەی چەمکیی

لە سەرەباسێکی تردا هەوڵدراوە، باسی تیۆری میتافۆری چەمکیی بکرێت و لەدواییشدا هەوڵدراوە نەخشەیەک بۆمیتافۆری چەمکی بکێشرێت.

بەشی دووەم کە بە ناونیشانی شیکردنەوەی خوازەی چەمکییە لە زمای کوردیدا هەوڵدراوە بە نموونەی شیکارییەوە باس لە باوترین بوارە بنچینەیی و بوارە ئامانجیەکانی خوازەی چەمکیی بکرێت لە زمانی کوردیدا

**١- میتافۆری چەمکیی**

مێتافۆڕ (خوازە) لای زۆربەمان وا باوە کە هونەرێکی ڕەوانبێژی و ئاخاوتنە کە تیایدا شتێك بە شتێکی دیکە بەراورد دەکرێت, لە ڕێگەی گوتنی ئەوەی کە یەکێک لە شتەکان ئەوەی دیکەیانە. وەك لەم ڕستەیەدا (ئەو کوڕە شێرە), کە تیایدا ئازایەتی و نەبەردیەتی کوڕەکە, وشەی شێری بۆ خوازراوە تاوەکو وەسفەکەی پێ دەرببڕدرێت. هەروەها ئەو بەراواردەی کە بەهۆی خوازەوە دەکرێت, بەوە دەناسرێت, کە ئەو دوو شتە هیچ لەیەك ناچن, بەڵام بەهۆی خوازەکەوە لێکچواندنەکەیان دێتەدی. دوای ئەم بۆچوون و بەکارهێنانە باوانەی کە خوازە هەی بووە, جۆرج لاکۆف و مارتن جۆنسن (1980) دیدێکی نوێیان سەبارەت بە میتافۆر خستەڕوو کە پێی دەگوترێت "میتافۆری زمانەوانی" , لاکۆف و جۆنسن بەم شێوەیە باسی میتافۆری زمانەوانی دەکەن. یەکەم: خوازە سیما و تایبەتمەندییەکی چەمکەکانە, نەك وشەکان. دووەم: ئەرکی ئەم میتافۆرە بریتیە لەباشتر تێگەیاندنی چەمکەکان, نەك تەنیا کە بۆ هەندێک لایەنی هونەری و مەبەستی ئیستاتیکی بەکاربێت. سێیەم: زۆربەی کات خوازە لەسەر بنەمای لێکچواندن و چونیەکیی نایەتە ئاراوە. چوارەم: خوازەی زمانەوانی زۆر بەئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەدا لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکاردێت, نەك هەر تەنها خەڵکی بەهرەمەند و تایبەتمەند. پێنجەم: خوازە, جگە لەوەی کە بۆ مەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوە بەکاردێت, پرۆسەیەکی حەتمی شێوازی بیرکردنەوە وتووێژیی مرۆڤەکانە.

**١-٢ پێداچوونەوەیەکی گشتی بە خوازەی چەمکیی:**

لاکۆف و جۆنسن (1999) لەلاپەڕە (37) دا دەڵێن: لە زمانەوانیدا توانای مەعریفی (کۆگنێتڤیی - عەقلیی) خوازەی چەمکیی پێیدەگوترێت خوازەی توانای مێشك, کە ئەم خوازەیە ئاماژە بە تێگەیشتنی بیرۆکەیەك دەکات, یان ئاماژە بە تێگەیشتنی بیرۆکە و چەمکیی بوارێک دەکات کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەمك و بیرۆکەیەکی دیکەوە لەبری ئەو. بۆ نموونە دەکرێت لە بیرۆکەی چەندێتی شتێك تێبگەین بەهۆی بەکارهێنانی بیرۆکەی ئاڕاستەکردنەوە, وەك لەم ڕستەیەدا (نرخەکان لەبەرزبوونەوەدان), کە تیایدا بیرۆکەی زۆری و گرانبوونی نرخەکان بە شێوەیەکی خوازەییانە بەهۆی ئاڕاستەی بەرزبوونەوەوە دەربڕاوە. خوازەی چەمکیی لە زمانی ژیانی ڕۆژانەماندا دەبینرێت. خوازە چەمکییەکان نەك هەر تەنیا لە پەیوەندی و گفتوگۆدا بەکاردێن, بەڵکو فۆڕم و پێکهاتەی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیشمان دەردەخەن. بۆ نمونە: ئەو نمونەی کە زۆرباوە (مشتومڕ، واتە؛ شەڕ) ئەو خوازە چەمکیی و بیرییە، شێوەی زمانەکەمان پێکدەهێنێت, ئەو شێوە زمانەشمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە چۆن لە مشتومڕدا دەڕوانین, ئایا وەکو جەنگێک یان شەڕێك لە مشتومڕدا دەڕوانین تا بیبەینەوە؟ واتە, لەڕێگەی ئەو خوازە بیری و چەمکییەوە دەردەکەوێت کە مشتومڕ چۆن بیری لێدەکرێتەوە.

جۆنسن (1987) لەلاپەڕە 13 دەڵێت: خوازەی بیریی و چەمکیی زیاتر بۆ ئەوە بەکاردێت تاوەکو چەمکێکی ئەبستراکتی (واتایی), کە ئامانجەکەی, بە شێوەیەکی فیزیکی و کۆنکریتی و بەرجەستەکراویی دەرببڕدرێت, کە ئەو شتە بەرجەستەکراوە سەرچاوەی خوازەکەیە. بۆ نمونە لەم دەستەواژەیەدا: (کات پێدان, یان کاتت پێدەدەم) کات، شتێکی واتاییە و ئامانجەکەیە, بەڵام بەهۆی خوازەی بیریی و چەمکییەوە ئەم کاتە وەکو شتێکی کۆنکریتی و فیزیکیی دەردەبڕدرێت، وەکو ئەوەی کە کات شتێك بێت وەکو دیاریەك بتوانرێت هەڵبگیرێت و بدرێتە کەسێکی دیکە. ئەم جۆرە خوازەیەش بەزۆری کاتێك دێتە ئاراوە کە کەسی قسەکەر هەوڵدەدات بۆچوونێکی دیاریکراو بەکارێک ڕوونبکاتەوە و لەپەراوێزی هەستیی بە شێوەیەکی شاراوەوە ئاڕاستە دەکرێت بۆ مێشکی ئەو کەسەی کە خوازەکە بەکاردێنێت.

**٣-١ تیۆری میتافۆری چەمکیی:**

ماری تاکادا و ئەوانی تر (2005) لەلاپەڕە 302 دا دەڵێن: مێتافۆڕ/ خوازە لە سەردەمی ئەرستۆوە بوونی هەبووە تاوەکو دەگاتە چاولێکەرە ڕۆژئاواییەکانی ئەرستۆ, کە خوازەیان وەکو ئامرازێکی زمانەوانی لە ڕەوانبێژی و ئەدەبدا بەکارهێناوە. لەو سەردەمانەدا باوەڕ وابوو کە خوازەکان هەر هەموویان واتای ئەدەبییان هەیە و لە لایەن کەسانی تایبەتمەندەوە لە ئەدەبدا بەکاردەهێندرێن بە مەبەستی ڕازیکردنی کەسانی دیکە، یان بۆ دەربڕینی جیهانێکی خەیاڵیی. ئەم دیدە تاوەکو هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو. دواتر لاکۆف هەڵسا بە گەنگەشەکردنی ئەوەی کە خوازە تەنیا شتێکی زمانی نییە, بەڵکو خوازە لە مێشک و بیری مرۆڤدایە و فەرمانڕەوایی سیستەمی بیرکردنەوەی ئاسایی و ڕۆژانەی مرۆڤ دەکات. لاکۆف دەڵێت: هزری مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆر خوازەی هەیە و فیکرەکەشی پێکهاتەیەکی خوازەییانەیە. لەئێستا بەدواوە خوازەی فیکریی وەکو بابەتێکی زمانەوانی هاتە ئاراوە. و پێی دەگوترێت (CMT).

دوای گواستنەوەی خوازە لە ئەدەبەوە بۆ زمان و زمانەوانی لەلایەن لاکۆفەوە, گرادی (2007) لەلاپەڕە 188دا دەڵێت: خوازە دەبێ وەکو دیاردەیەکی تەواو پەیوەست بەزمانەوانیەوە تێڕوانینی بۆ بکرێت. زانایانی بواری مەعریفی (تایبەت بە بیرکردنەوە و توانای مێشک) بەجۆرێک لە خوازە دەڕوانن کە شێوازێکی لێکدراو و بەستراوە بە بیرکردنەوەوە. بەواتایەکی دیکە: شوێنی خوازە هەر تەنیا زمان نییە, بەڵکو بریتیە لە شێوازی بیرکردنەوەی ئێمە لە شتێك لە ڕێگەی شتێکی دیکەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە کرۆکی خوازە تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە لە شتێك لە ڕێگەی شتێکی دیکەوە. لاکۆف (2003) لەلاپەڕە 5 دا دەڵێت: دوای سەرهەڵدانی, خوازەی چەمکیی لەڕووی پێکهاتەییەوە بەسەر دوو بواری سەرەکیدا دابەشدەبێت:

(ا) بواری بنچینەیی/ سەرچاوە کە زیاتر شتی فیزیکی و بەرجەستەکراوە.

(ب) بواری ئامانجیی/ مەبەست، کە زیاتر شتێکی نابەرجەستەکراو و واتاییە. ئەمەش وا دەردەخات کە خوازە لە زماندا زیاتر ئەرکی ئەوەیە کە وابکات لە شتە واتایی ونادیارەکان تێبگەین, بەهۆی بوار و زانیاریە کۆنکریتی و بەرجەستەکراوەکانەوە.

**1. 4 نەخشەکێشان:**

لاکۆف (1993) لەلاپەڕە 206 دەڵێت: نەخشە دانان یان هێڵکاریکردن، کۆمەڵە گۆنجاندنێک و نامە ناردنێکی ڕێکخراو و شێوە سیستەمیە کە لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی بوارە بنچینەیی و سەرەکیەکاندا لەگەڵ بوارە ئامانجی و مەبەستەکاندا دەردەکەون. چەندین بەشی پێکهێنەری چەمك و بیرۆکە ئامانجییەکان لە زانیاری و بواری سەرچاوەیی و بنچەینەییەکانەوە هاتوون. بۆ ئەوەی خوازە چەمکییەکە بزانین, دەبێت کۆمەڵێک نەخشەکێشانی هاوتەریبی نێوان دوانەی سەرچاوە --ئامانج بزانین. بیرۆکەی سەرەکی لە

نەخشە کێشانەکە ئەوەیە کە خوازە بیرۆکەییەکان بابەتی بیری و مێشکن نەك تەنیا زمان. هەر لەبەر ئەوەشە کە زاراوەی میتافۆری فیکری - خوازەی بیری بۆ بەکاردێت. لە نەخشە کێشانی خوازەی بیریدا ئەوە بەدەردەکەوێت کە خوازەکە لە شێوەی وشە یان دەربڕینی زمانەوانیدا بەدەردەکەوێت، ئەو زارەوەیە یان ئەو وشە و دەربڕینە زمانەوانیانەش لە بوارە سەرچاوەیی و کۆنکریتییەکەوە هاتوون، بۆ وێناکردن و نەخشەکێشانی بوارە ئامانجییەکە کە بیرەکەیە/ بیرۆکەکەیە و شتێکی واتایی و نابەرجەستەکراوە. هەر بۆیە زۆربەی جار دەگوترێت کە نەخشەکێشانی خوازەی بیریی بەهۆی وێناکردنەوە هاندەدرێت.

سوندس حەمدی (2008) لەلاپەڕە 2 ی تێزی دکتۆرانامەکەیدا دەڵێت: پرۆسەی نەخشەکێشکردنی خوازەی بیری بریتیە لە گواستنەوەی بیرێک بەهۆی وێناکردنی ئەو بیرە بە بیرێکی دیکە. بۆ نموونە: دەڵێن (هەندێک کاتم بدێ)، لێرەدا (کات) بەشێکی پێکهێنەری بوارە سەرچاوەیی و بنچینەییەکەیە، ئەم بەشە (کات) لە بوارە ئامانجی و مەبەستییەکەدا وەکو (شتێك) کە کۆنکریتییەو دەکرێت بگوازرێتەوە و بەرجەستە بکرێت، کاتێك بەهۆی ئەم بەرجەستە بوونەی (شتێك)، (کات) لە بوارە مەبەستەکە بەو شتە بەرجەستەکراوە، وێنادەکرێت. بەواتایەکی دیکە، (پێدانی کات) خۆی واتایی و نابەرجەستەکراوە و لە بوارە ئامانجییەکەیە، بەڵام بەهۆی نەخشەکێشکردنی و بیری وێناکردنی (پێدانی کات) بە (پێدانی شتێك)، کە بەرجەستەکراو و کۆنکریتیە، (پێدانی کات) تێگەیشتنی بۆ دەکرێت.

**٢- شیکردنەوەی میتافۆری چەمکیی لە زمانی کوردیدا:**

**١-٢ سەرەتایەک**

لاکۆف و جۆنسن (2003) لەلاپەڕە 21 دا دەڵێن: ئەگەرچی خوازەی چەمکیی دیاردەیەکی جیهانیی زمانەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا خوازەی بیریی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەل خودی ئەو زمانەدا هەیە کە خوازەکەی تێدا بەکاردێت. واتە، خوازەی چەمکیی بەوە ناسراوە کە زیاتر شتێکی تایبەتمەندبێت بەزمانێک، زیاتر لەوەی خوازەیەکی بیریی بەهەمان شێوە بەکاربێت لە هەموو زمانێکدا، یان چۆن خوازەیەکی چەمکیی لە زماندا بەکاردێت، مەرج نییە، بەهەمان شێوە لە زمانەکانی تردا بەکاربێت. هەر بۆیە دەردەکەوێت کە بۆ زانینی خوازەی چەمکیی لە زمانێکدا پێویستی بە زانینی ژمارەیەکی زۆری وشە و واتایە لەو زمانەدا، هەروەها پێویستی بە شارەزایی لە کلتووری خەڵکەکەشدا هەیە. تەنانەت پێشنیاری ئەوەش دەکەن، کە ئەگەر یەکێک بیەوێت فێری زمانێک بێت و لەپاڵ ئەوەشدا توانای هەبێت خوازەی بیری بەکاربهێنێت لەو زمانەدا، ئەوا دەبێت ئەو کەسە فەرهەنگی تاك زمانی ئەو زمانەی کە دەیەوێت فێری ببێت بەکاربهێنێت، چونکە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا زۆربەی هەرە زۆری ئەو وشە و فرێزانەی کە لەگەڵ وشەکەدا بەکاردێن لەبەر واتایانەوە کە لەپاڵ وشەکە نووسراون. سەرەڕای ئەوەش، ناوبراوان لەلاپەڕە 22 باسی ئەوەش دەکەن کە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر خوازەی بیری هەبێت، کە لە زۆربەی زۆری زمانەکاندا دەردەکەون و هەمان واتا هەڵدەگرن و هەمان نەخشە کێشکردنیش هەیە لە نێوان بوارە بنچینەییەکە (کۆنکریتییەکە) و بوارە ئامانجییەکە (واتاییەکە). بۆ نموونە، (life is a journey) "ژیان گەشتێکە" بەشی دووەمی دەستەواژەکە،(گەشت) شتێکی کۆنکریتییە کە زۆربەی زۆری مرۆڤەکان ئەزموونیان لەبارەوە هەیە و دەزانن کە دەسپێک و کۆتایی هەیە، لە مێشکی بەکارهێنەرەکەدا بە بیرێکی نابەرجەستە و واتایی کە (ژیان)ە نەخشەی بۆ دەکێشرێت. ئەم ژیانەش بە گەشتێك وێنادەکرێت، لەڕووی هەبوونی سەرەتا و کۆتاییەوە، لەڕووی ڕوودانی هەندێک شت کە پێشبێنی نەکراو و نەخوازراوە، کە خۆشی و ناخۆشی تێدایە.... دەبینین دەستەواژەکە بەم شێوەیە لە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هەمان شتە، زمانی کوردیش هەمان واتا و بەها بەم خوازە چەمکییە دەبەخشێت. بەم شێویە، دەڵێین زمانی کوردیش، وەکو زۆربەی زمانە جیهانیەکانی دیکە، زۆر دەوڵەمەندە بە خوازەی چەمکیی لە چەندین بواری ژیاندا، ئەو خوازە بیرییانەش نەك هەر تەنها لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەردەکەون، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زمانی ژیانی ڕۆژانەشدا دەبیندرێن. لە زمانی کوردیدا، بیری و چەمکە واتاییە نابەرجەستەکراوەکان لەگەڵ بوارو وشەکانی وەکو (ژیان، مشتومڕ، بیردۆز، بیرۆکە، کۆمەڵایەتی) دەردەکەون کە ئەمانە زیاتر واتایی و دەبنە بواری ئامانج. هەروەها بواری وشەکانی وەکو (گەشتکردن، جەنگ، بیناکردن، خواردن، ڕووەك و چاندن) کۆنکریتین. لە خوازەی چەمکیشدا بواری ئامانجیی ئەوەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین لە شتە نابەرجەستەیی و واتاییەکان تێبگەین لەڕێگەی بەکارهێنانی بواری کۆنکریتییەوە، بەو مەرجەی کە نەخشە کێشکردنێکی گونجاو و تەواو لە نێوان دوو بوارەکەدا هەبێت.

**٢ – ٢ باوترین بوارە بنچینەیی و بوارە ئامانجیەکانی خوازەی چەمکیی لە زمانی کوردیدا**

**1. جەستەی مرۆڤ:**

جەستەی مرۆڤ بە بوارێکی بنچینەیی و نمونەیی دادەنرێت بۆ خوازەی چەمکیی, ئەمەش لەبەرئەوەی جەستەی مرۆڤ بۆ مرۆڤەکان بە ڕوونی و بەئاسانی وێنادەکرێت و جەستەی خۆشمان باش دەناسین. ئەمەش ئەوە ناگەیینێت کە ئێمە تەواوی بەشەکانی جەستەی مرۆڤ بەکاردێنین بۆئەوەی بە شێوەیەکی خوازەییانە لە مەبەستە ئەبستراکتییەکان/ واتاییەکان تێبگەین. ئەو بەشانەی جەستەی مرۆڤ کە بۆ تێگەیشتن بەکاردەهێنرێن ئەم ئەندام و لایەنانە دەگرێتەوە: سەر, ڕووخسار, قاچەکان, دەستەکان, پشت, دڵ, سەر, ئێسکەکان و شانەکان. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا:

| ژ | نموونە | بەشەکەی جەستە (بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو واتاییانەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرۆکی بەش | سەر | وەکو چۆن سەر گرنگترین و سەرەکیترین ئەندامی لەشە و بەر پرسە لە هەڵسوڕاندنی جەستەی مرۆڤ, بەهەمان شێوەش سەرۆکی بەش هەمان ڕۆڵ و گرنگی ئەرکی هەیە |
| 2 | پشتگرتن | پشت | واتا لەڕووی واتاییەوە پاڵپشتی کەسێک بکەی, نەهێڵێت شکست بێنێت. |
| 3 | شاندانە بەر ئیشکردن | شان | واتاخۆنەدزینەوەلەئەرك و بەرپرسیارێتی و ڕاییکردنی کارەکان بەو پەڕی تواناوە |

**2. - تەندروستی و نەخۆشی:**

بەدڵنیاییەوە تەندروستی و نەخۆشیش پەیوەستە بە جەستەی مرۆڤەکانەوە, هەر بۆیە دەبینین زۆربەی کات بەڕێگەی دەربڕین و وەسفکردنی نەخۆشیەك، کەسی قسەکەر خوازەی بیریی بەکاردێنێت, وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | وشەکەی (بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵگەیەکی تەندروست | تەندروست | لەڕووی ئەبستراکتی و واتاییەوە مانای کۆمەڵگەیەکی باش پەروەردەکراو و شێاو ڕێك و پێک دەگەیێنێت. |
| 2 | مێشک نەخۆش | نەخۆش | لەڕووی واتاییەوە مانای نەخۆشیەکی نابەرجەستەکراوی دەروونی کەسێک دەگەیێنێت. |

**٣ - گیانداران:**

ئاژەڵان بە بوارێکی بنچینەی یەکجار بەرهەمهێن دادەنرێن لە دروستکردنی خوازەی چەمکییدا
ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی کات مرۆڤەکان لە هەندێک شت تێدەگەن لەڕێگەی
ئەو شتەوە بە تایبەتمەندی و سیماکانی گیاندارانەوە, وەکو لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە.

| ژ | نموونە | گیاندار (بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | دەڵێی مارە | مار | ئەم گیاندارەیە کە شتێکی بەرجستەکراو و فیزیکیە وەکو سەرچاوەیەك و بنچینەیەك بۆ مانایەکی واتایی بەکارهاتووە کە برێتیە لە وەی کەسێک زۆر ژێر بەژێری و بە نەرمی کارەکانی خۆی ڕایی بکات و تاڕادەیەکیش زیان بە بەرژەوەندی کەسانی دیکە بگەیینێت. |
| 2 | زۆر سەگە | سەگ | مانای ئەوەیە کە لەڕووی واتاییەوە کەسێک زۆر فیڵزان و زۆرزان بێت بۆ کاروباری ژیانی خۆی و بەئاسانی نەخەڵەتێت. |

**4- ڕووەکان:**

خەڵك ڕووەك و دارودرەخت دەچینن بۆ چەندین مەبەستی جیاواز, لەوانەش: بۆ خواردن, بۆ خۆشی لێبینین, بۆ دروستکردنی شت و مەبەستی دیکە. لە خوازەی چەمکییشدا ڕووەکان و گەشە و سوڕێ ژیانیان بۆ تێگەیشتن لە مانای شتێکی ئەبستراکتێ و واتایی بەکاردین, وەکو لەم نموونانەدا بەدەردەکەوێت:

| ژ | نموونە | ڕووەك (بواری | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | بنچینەیی) | |
| 1 | بەرهەمی ماندووبونی خۆی دەخوات | بەرهەم | بەرهەم شتێکی فیزیکیە و تایبەتە بەڕووەك, کەچی لێرە دا بۆ شتێکی واتایی نابەرجەستەکراو بەکاردێت بۆ گەیاندنی واتای ئەوەی کە کەسێک ماندووە بووە و ئێستا سود لە ماندوو بوونەکەی وەردەگرێت. |
| 2 | پێشتر چاندویەتی بۆیە ئێستا وا حالی باشە | چاندن | وشەی کۆنکریتی چاندن بۆ مەبەستێکی واتایی بەکارهاتووە کە برێتیە لە ئەنجامدانی کاری چاکە. |

**5 - ئامێر و ئامرازەکان:**

لەژیانی ڕۆژانەماندا سەرنجی ئەوە دەدەین کە خەڵك ئامێر و ئامرازەکان بۆ کارکردن و یاریکردن و شەڕکردن و کاتبەسەربردن بەکاردینن. بۆیە دەبینین ئەو جوڵە و چالاکیانەی کە پەیوەستن بەو ئامێرو ئامرازانەوە بە شێوەی خوازەی چەمکییش بەکاردەهێنرێن, وەکو لەم نموونانەدا ڕونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | ئامێر/ئامراز (بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو واتاییانەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | ئامرازەکانی دیموکراسی | ئامراز | کەل و پەل و شتی بەرجەستەکراون, لێرەدا بە شێوەیەکی خوازە بۆ مانا و شتێکی واتایی بەکارهاتووە کە هۆیەکان, ڕێگاکانە. |
| 2 | ئەو کچە چاڵ بۆ دۆستەکانی هەڵدەکەنێت | هەڵدەکەنێت | کردەی هەڵکەندن بەهۆی ئامێر و ئامراز بە شێوەیەکی فیزیکی ئەنجامدەدرێت, کەچی لێرەدا بەو مانایە دێت کە ئەو کەسە بە شێوەیەکی واتایی پیلان لە دژی هاوڕێیانی دەگێرێت و هەوڵی شکست پیهێنانیان دەدات. |

**6 - وەرزش و یاریکردن:**

وەرزش و یاریکردن بەچەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی خۆیانەوە ناسراون, ئەو تایبەتمەندیانەش بەشێوەی خوازەی چەمکی بەکاردین, وەکو لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | وەرزش و یاریکردن (بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو واتاییانەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | یاری بەچارەنووسم دەکات | یاری | یاریکردن بە شتی کۆنکریتی دەبێت, کەچی لێرەدا دەبینین وشەی "چارەنووس" کە واتایی و بەرجەستەنەکراوە و بەهۆی خوازەی بیرییەوە دەربڕاوە، بەواتای ئەوەی کە"شتێك دەکات و دەبێتە هۆی نادیاری و ناجیگیری چارەنووسم" |
| 2 | تۆپەکەی فڕێدایە ساحەی ئەوان | تۆپ | تۆپ شتێکی بەرجەستەکراوە, لێرەدا بۆ شتێکی واتایی و بەرجەستەنەکراوەوە بەکارهاتووە ئەویش، واتە "کێشەکەی, بابەتە مشتومڕ لەسەرەکەی لەخۆی دوورخستەوە و توشی لایەنی بەرانبەری کرد" ئەم جۆرە ڕستەیە بەهۆی خوازەی بیرییەوە لەسیاسە تدا بەکاردەهێنرێت. |

**7 - گەرمی و ساردی:**

گەرمی و ساردی شتێکن کە لە کەش و هەوادا هەستیان پێدەکرێت و دەکرێت بە شێوەی کۆنکریتیی وەکو ئاو و ئاگر و سەهۆڵ و بەفر بەدەربکەون, لەگەڵ ئەوەشدا گەرمی و ساردی تاڕادەیەك پەیوەستن بە ئەزموونی مرۆڤەکانەوە. زۆربەی خەڵگ گەرمی و ساردی بە شێوەی خوازەی چەمکیی بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی هەڵویستی خۆیان یان کەسانێک بەرانبەر شتێك یان کەسانێکی دیکە. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارخراوە:

| ژ | نموونە | گەرمی و | شیکردنەوەی ئەو واتاییانەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|

| ژ | نموونە | ساردی (بواری بنچینەیی) | |
|---|---|---|---|
| 1 | پێشوازیەکی سارد | سارد | ئەم وشەیە بۆ دەربڕینی شتی بەرجەستەکراوی وەکو ئاو و هەوا یان هەرشتێکی بەرجەستەکراوی دیکە بەکاردێت, کەچی لێرەدا بەهۆی خوازەی بیرییەوە، وشەکە بۆ شتێکی نابەرجەستەکراوی واتایی بەکارهاتووە کە بریتییە لە "بەدەمەوەنە هاتنێکی باش و بە پێی پێویست" لە کاتی پێشوازی کردنەکەدا, یان جۆرێک لە کەمتەرخەمبوون و پەراوێزخستن لە کاتی پیشوازیەکەدا. |
| 2 | بەخێرهاتنیکی *گەرم* | گەرم | بەهەمان شێوەی سارد, گەرمیش بۆ شتی بەرجەستەکراو بەکاردێت، جا لە هەر شێوە و فۆرم و پێکهاتەیەکدا بێت, لێرەدا بەهۆی خوازەی بیرییەوە بۆ دەربڕینی مانای "زۆر ڕێك و پێک و ڕووخۆش" لەکاتی هاتنەکەدا بەکارهاتووە. |

**8 - کەش و هەوا:**

بارەکانی کەش و هەوا تاڕادەیەکی یەکجار زۆر پەیوەستن بە ئەزمونی مرۆڤەکانەوە, بەڵام زۆربەی کات بەشێوەی بەرجەستەکراو و کۆنکریتی دەردەکەون, کەچی بەهۆی خوازەی چەمکییەوە بۆ شتی نابەرجەستەکراو بەکاردێ، وەکو لەم نموونانەداخراونەتە ڕوو:

| ژ | نموونە | کەش و هەوا (بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | پەیوەندیەکەیان تەمو ژماوییە | تەمو مژاوی | تەم و مژاوی بارێکی بەرجەستەکراوی کەش و هەوایە, لێرەدا بەهۆی خوازەی بیرییەوە بۆ مانای "ناڕوونی و ڵیڵی و گوماناوی" پەیوەندیەك بەکارهاتووە. |
| 2 | هەوری هینا | هەور | هەور کە شتێکی بەجەستەکراوی کەش و هەوایە, لێرەدا لەڕێگەی خوازەی بیرییە بۆ شتێکی نابەرجەستەکراو و واتای بەکارهاتووە کە مانای "فڵان کەس دەستێ بەدرۆکردن کرد" دێت. |

**9 - هێز:**

چەند جۆرێکی جیاواز لە هێز هەیە, لەوانەش: ڕاکیشان, موگناتیسی, ئەلیکترۆنی و کارەبایی و مێکانیکی و مرۆڤی. دەبینین کە هەموو جۆرەکانی هێز بۆ جوڵە پێکردنی تەن و شتی کۆنکریتی بەکاردێن, کەچی بەهۆی خوازەی چەمکییەوە بۆ دەربڕینی شتی واتایش بەکاردێن. کە دەکرێت هێز جۆری جیاوازی هەبێت وەکو شەپۆڵ, با, ئاگر, یان بکەرێکی هەبێت کە بۆ وەرگر تەنەکە دەجوڵێنێت. ڕێك بەهەمان شێوەو مەبەستە کۆنکریتییەکەشی بۆ شتی واتایی بەکاردێت, وەکو لەم نموونانەدا ڕوونکراونەتەوە:

| ژ | نموونە | هێز(بواری بنچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕای کیشامە ناو گفتوگۆیەکە/ پەلکیشێ کردمە ناو بابەتەکە | ڕاکیشان پەلکیش | ئاشکرایە کە ڕاکیشان بۆ شتی کۆنکریتی بەکاردێت, کەچی لێرەدا بەهۆی خوازەی بیرییەوە بە مانای "وای لێکردم بەشداری" گفتوگۆیەکە بکەم, کە گفتوگۆ شتێکی واتایی و نابەرجەستەکراوە |
| 2 | پاڵی پێوەنام بۆ پرۆژەکەم | پاڵپێوەنان | پاڵپێوەنانیش بەهەمان شێوە کە بۆ شتە کۆنکریتی و فیزیکیەکان بەکاردێت, کەچی لەم خوازە بیرییە دا بۆ دەربڕینی مانای "هانی دام/وایلێکردم" بەکاردێت کە شتێکی ئەبستراکتە. |


**10 -جوڵە:**

جوڵە یان بە شێوەی خولاوەییە یان بۆ ئاڕاستەکانە, کاتێك جوڵەیەك شوێن گۆڕێنی تێدایە, ئەوا بۆ سەرەوە یان خوارەوە, پیشەوە یان دواوە, لای ڕاست یان چەپە. دەکرێت جوڵە ئاڕاستەکان کە بۆ شتی کۆنکریتی و فیزیکی بەکاربێن لەڕێگەی خوازەی چەمکیی بۆ دەربڕینی شتی واتایش بەکاربێن, وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارخراون:

| ژ | نموونە | جوڵە (بواری | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت (بواری مەبەست) |
|---|---|---|---|

| | | بنچینەیی) | |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبۆتەوە | بەرزبۆتەوە | بەرزبوونەوە هەمر بۆ جوڵەی شتە فیزیکیەکان بەکاردێت و هەمیش ئاڕاستە دارە, کەچی بەهۆی خوازەی بیرییەوە بۆ شتی واتایی وەکو "ڕۆشنبیری" بەکارهاتووە بەواتای ئەوەی کە ڕادەی ڕۆشنبیرییەکە زیاتر و زۆرتر بووە. |
| 2 | نرخی خانوو نزم بۆتەوە | نزم بۆتەوە | نزمبوونەوەش هەمر بۆجوڵە و هەمیشە بۆ ئاڕستەدارکردنی شتی بەرجەستەکراو بەکاردێت, بەڵام لێرەدا لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بۆ "نرخ" بەکارهاتووە کە شتێکی ئەبستراکت و واتاییە |

ئەوانەی کە باسمان کردن باوترین جۆرەکانی بوارە بنچینەییەکانی خوازەی چەمکین ،کە لە زمانی کوردیدا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەرگوێمان دەکەون. شایەنی باسە ئەمانە تەواوی جۆرەکانی بوارە بنچینەییەکانی خوازەی چەمکیی نین لە زمانی کوردییدا, بەڵکو دەکرێت چەند بوارێکی دیکەش هەبێت, بەڵام ئەوانەی کە ڕوونکرانەوە باوترینیانن. ئەم هێڵکاریەی خوارەوە باوترین ئەو بوارە بنچینەییانە نیشاندەدات کە کۆنکریتین و بە شێوەی واتایی لە بوارە ئامانجیەکانیاندا دەردەبڕدرین:




هێڵکاری (1): نیشاندانی باوترین بوارە بنچینەییە کۆنکریتییەکان بەشێوەی واتایی لەبوارە ئامانجیەکاندا بەهۆی خوازەی چەمکییەوە لە زمانی کوردیدا.

**2 – 3 باوترین بوارە ئامانجیەکانی خوازەی چەمکیی لە زمانی کوردیدا:**

هەروەك چۆن بوارە باوە بنچینەییەکان بۆ چەند ئامانجێک جێبەجێدەکرێن, بەهەمان شێوەش بوارە ئامانجیەکانیش چەند بوارێکی بنچینەییان هەیە. بوارە ئامانجیەکان ئەبستراکتی و واتایین وێنەیەکی ڕوون و بەربڵاویان نییە, هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئەو بوارە ئامانجیانە لەڕێگەی خوازەی چەمکیی بە شێوەی فیزیکی و کۆنکریتی وێنادەکرین و دەردەبڕدرین. لێرەدا باوترین بوارە بنچینەییەکانی زمانی کوردی, کەبەهۆی خوازەی چەمکییەوە دەردەبڕدرین, شیدەکەینەوە و ئاماژە بە بوارە بنچینەییە هەر گرنگەکانیان دەدەین:

**1 - سۆزداری:**

بواری سۆزداری بەشێکی زۆر گرنگی بواری ئامانجی خوازەی چەمکییە, ئەم شتانە دەگرێتەوە (ترس, تورەیی, خۆشەویستیی, غەمباریی, دڵخۆشیی, شەرمکردن و شانازی بەخۆکردن). ئەم لایەنانەی سۆزداریش بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەڕێگەی خوازە چەمکییەکانەوە تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت. بواری بنچینەی ئەم لایەنانەی بواری سۆزداری برێتیە لە "هێز", وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو واتاییانەی کە دەریدەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی واتای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | تورەیی خۆی دەگرێت | هێزی گرتن | تورەیی کە لایەنێکی بواری سۆزداریە و بەرجەستە نەکراو و واتاییە, بەهۆی خوازەی چەمکییەوە وەکو شتێکی فیزیکیی وێنادەکرێت و بە بەرجەستەکراو دەردەبڕێت و هێزی گرتنی بۆ بەکاردێت, وەکو ئەوەی کە شتێکی کۆنکریتی بێت و بیگرێت. مەبەست لە خوازەکە دان بەخۆ داگرتن و خۆ کۆنترۆڵکردنە لە کاتێ تورەیەکە. |

**٢ - ئارەزوو:**

بەهەمان شێوەی سۆزداری, بواری ئامانجی ئارەزوویش بەهۆی خوازەی چەمکییەوە بە شتی فیزیکی وەکو "هێز" دەردەبڕدرێت, بەتایبەتێ هێزی "تێنوێتی و برسیەتێ". لەبەرئەوەی تێنوێتی و برسیەتێ بە شتی فیزیکی دادەندرین. وەکو لەم نموونەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | تێنووی ئازادیم | تێنوەتێ | هەبوونی ئارەزوو و بۆ ئازادای شتێکی واتاییە لە بوارە ئامانجیەکەدا بۆیە بەمەبەستی وێناکردنی و دەربڕینی بە شێوەیەکی کۆنکریتی بە بواری بنچینەیی "تێنووەتێ" دەربڕدراوە. کە مانای هەبوونی ئارەزوویێکی یەکجار زۆر و بێ هاوتا دەگەیینێت, بەڕادەیەك کە دەکرێت بەبێ ئازادی بمرێت. |

**3 - ڕەوشت:**

جۆر و لایەنەکانی ڕەوشت, بەباش و خراپیەوە, شتی ئەبستراکتین بۆیە لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بە شێوەی شتی بەرجەستەکراو فیزیکی دەردەبڕدرین. لایەنەکانی ڕەوشتیش ئەمانەن: (باشێ, ڕاستگۆیی, سەربەرزیی, دڵسۆزیی, خراپیی, بەدکاریی, کزیی, درۆزنیی). ئەم جۆرو لایەنانەی ڕەوشت بەهۆی شتی کۆنکریتی "ڕەنگ", "گوڵ" دەردەبڕدرین و زیاتر بەشتی کۆنکریتی بەهادار و بێ نرخ دەردەبڕدرێن و وێنا دەکرین, وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا دیارکراوە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | هەموو ژیانی ڕەشە | ڕەش | خراپی و کزی ژیانی کە بوارە ئامانجیەکەیە و شتێکی واتاییە بەهۆی خوازەی بیرییەوە بە ئاوەڵناوی "ڕەش" دەربڕدراوەوە کە شتێکی بینراو بەرجەستەکراوە. ئەم خوازەیەش بۆئەوەیە کە زیاتر وێنای ڕەوشتەکەی بکات. |

**4 - بیرو بیرکردنەوە:**

چۆن مێشکی مرۆڤەکان کاردەکات و چۆن بیردەکەنەوە, تائێستا شتێکی کەمی لەبارەیەوە زانراوە لەبەرانبەر ئەو هەموو توانایەی مێشکی مرۆڤ کە هەیەتی. هەر بۆیە ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە کەسانی ئاسایی و شارەزایانیش پەنادەبەنە بەر خوازەی بیریی بۆ دەربڕینی بیر و بیرکردنەوەو مێشکی مرۆڤ. بیری مرۆڤ زیاتر بە شتێکی "تەن"ی وێنا دەکرێت یان بە شتێکی بەرجەستەکراوی کارکردوو, هەندێک جاریش بەهەستەکانی وەکو "بینین" دەردەبڕدرین. وەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | مێشکی کۆمپیوترە | کۆمپیوتر | زیرەکی و توانای مێشک و بیرکردنەوەی کەسێک کە بوارە ئامانجیەکەیە شتێکی واتاییە بە شتێکی تەنی بەرجەستەکراو و تارادەیەك خاوەن هەمان ئاستی زیرەکی وێنادەکرێت "کۆمپیوتر" کە بوارە بنچینەییەکەیە. |
| 2 | مێشک کراوە | کراوە | توانای وەرگرتنی شتی پێشکەوکەتوو و نوێ و جیاواز و تێگەیێشووی ڕادەی کەسێک کە بوارە ئامانجیەکەیە و واتاییە لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بە شتێکی کۆنکریتی بەرجەستەکراوە "کراوە" کە بوارە بنچینەییەکەیە. |

**5 - سیاسەت:**

سیاسەت پەیوەندی بەجیبەجێکردن و فەرمانڕەواییکردنەوە هەیە. هێزی سیاسی لەڕووی بیرییە بە هێزی فیزیکی دادەنرێن, زۆربەی کات لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە ئامانجە واتاییەکانی لایەنەکانی سیاسەت بەهۆی بوارە بنچینەییە کۆنکریتییەکانی وەکو یاری, وەرزش, بازرگانی و جەنگ دەردەبڕدرین. وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئۆپۆزسیۆن یاریەکی مەترسیدار دەکات | یاری | دید و بۆچوون و هەڵویستە سیاسیەکان شتی واتایین و بوارە ئامانجیەکەن, لەڕێگەی خوازەی چەمکیەوە بە شتی کۆنکریتی وەکو "یاری" کردن دەردەبڕدرین لە بوارە بنچینەیەکەدا. |

**6 - ئابووری:**

ئابووری زۆربەی کات لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە دەردەبڕدرێت و تێگەیشتنی بۆ دەکرێت. شتە ئابووریەکان واتایی و نابەرجەستەیین لە بوارە ئامانجیەکەدا, بۆیە بە کۆنکریتی دەردەبڕدرین لە بوارە بنچینەییەکانی وەکو "بنیات نان, گەشەکردن, جوڵە, ئاڕاستە" دا. وەکو لەم نموونانەدا دیارخراون:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەڵمانیا ئابووریەکی باشی بنیاتناوە. | بنیات نان | هەبوونی چەند بنەمایەکی توندو تۆڵ و پلانێکی ئابووری بەهێز شتێکی واتاییە و بوارە ئامانجیەکەیە, بەڵام بەهۆی خوازەی چەمکییەوە بە شتێکی کۆنکریتی دەردەبڕدرێت کە "بنیات نان"ە لە بوارە بنچینەیەکەدا, لەبەرئەوەی بنیاتنان زیاتر شتێکی کۆنکریتی و بێنراوە لە ئاستی ئاسایی بەرزترە. |
| 2 | ئابووری چین بەرەو پێشەوە چووە. | بەرەو پێشەوە چووە. | سەرکەوتن و گەشەسەندن لەڕووی ئابووریەوە شتێکی واتاییە لە بوارە ئامانجیەکەی زماندا, لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بە شتێکی کۆنکریتی دەردەبڕدرێت کە "بەرەوپێشچوونە" کە بوارە بنچینەییە و زۆربەی هەرە زۆری بەرەوپێشچوونەکان ئەرێنیە. |

**7 - پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان:**

پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان لایەنەکانی وەکو هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، هاوسەرگیری دەگرێتەوە. زۆربەی ئەم لایەنانەی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانی شتی واتایین و بەهۆی شتێکی کۆنکریتی دەردەبڕدرین کە زۆربەی کات "بنیات نانە"، وەکو لەم نموونەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | هاوڕێیەتیەکی باشیان بنیاتناوە | بنیاتنان | دروستکردنی هاوڕێیەتیەکی باش و پتەو شتێکی واتاییەو پەیوەندیەکی واتاییە لەبوارە ئامانجیەکەی لە نیو مرۆڤەکاندا، بۆیە لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بەهۆی "بنیاتنان" کە کۆنکریتییە لە بوراە بنچینەییەکەییدا، دەردەبردرێت بۆ ئاماژەدان بە دەستپێکردنی هاوڕێیەتیەکە. |

**8- پێڕاگەیاندن:**

پێراگەیاندنی نێوان مرۆڤەکان بە جۆرێک تێگەیشتنی بۆ دەکرێت کە قسەکەر، گوێگر، پەیام لە خۆ بگرێت. گواستنەوەی ئەم پەیامە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر بەڕێگەی هەندێک کەناڵەوە دەبێت کە پێیان دەگوترێت دەربڕینە زمانیەکان یان زمانەوانیەکان. لەڕووی خوازەییەوە، ئەم دەربڕینە زمانەوانیانە وەکو دەفر و تەنی گویزەرەوە لێکدەدرێنەوە، هەربۆیە زۆربەی کات لە پێڕاگەیاندندا بۆ دەربڕینی شتێکی واتایی و نابەرجەستەکراو پەنا دەبردرێتە بەر خوازەی چەمکیی تاوەکو پەیامە واتاییەکە بە شێوەیەکی کۆنکریتی لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر بگوازرێتەوە، وەکو لەم نموونەیەداڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | زانیاریەکی زۆری *پێدام* | پێدان | زانیاری لە پێراگەیاندن شتێکی واتاییە لەبوارە ئامانجیەکەدا  بۆیە کاتێك کەسی قسەکەر دەیەوێت بۆ کەسی گوێگری بگوازێتەوە، پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی خوازەی چەمکیی و بە شتێکی کۆنکریتی وەکو "پێدان" دەردەبڕێت لەبوارە بنچینەییەکەدا، لەبەرئەوەی تەنیا شتی فیزیکی لەکەسێکەوە بە کەسێکی دیکە دەدرێت. |

**9- کات**

چەمك و بیری کات تێگەیشتن لێی ئاسان نیە، هەر بۆیە زۆربەی کات لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە دەردەبردرێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لە بوارە بنچینەیەکەدا کات بە شتێکی کۆنکریتی و تەنی دادەنرێت کە دەجوڵێت، وەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕۆژێک دێت ئاو کەمدەبێت. | دێت | کات(ڕۆژێک) کە شتێکی نابەرجەستەکراوە لە بوارە ئامانجیەکەدا بەهۆی خوازەی چەمکیی بە شتێکی بەرجەستەکراو کۆنکریتی دەردەبردرێت لە بوارە بنچینەییەکەدا، بۆیە لێرەدا کات وەکو تەنێکی بەرجەستەکراوە دەربڕدراوە. |
| 2 | کات خێرا دەڕوات | دەڕوات | دیسانەوە لێرەدا دەبینین کات، کە بەرجەستەنەکراوە لەبوارە ئامانجیەکە، بە شتێکی فیزیکی دەربڕدراوە لە بوارە بچینەییەکە و ئەو شتە فیزیکیە توانای جوڵانی هەیە. |

**10 - ژیان و مردن:**

دوو چەمکیی بیری و واتایین کە زۆربەی کات بەهۆی خوازەی چەمکییەوە بە شتی کۆنکریتی دەردەبڕدرین. ژیان" وەکو گەشتکردنێک دادەنرێت, "مردن"یش وەکو جێهیشتن و جیابوونەوە و ڕۆیشتن تێگەێتشنی بۆ دەکرێت. واتە ژیان و مردن بە شتانێک دادەنرێن کە فیزیکی بن و جوڵەدار بن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە, وەکو لەم نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتە:

| ژ | نموونە | (بواری بنەچینەیی) | شیکردنەوەی ئەو مانا واتاییەی کە دەری دەبڕێت بەهۆی بوارە بنچینەییە بۆ گەیاندنی مانای بوارە ئامانجیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | باپیرەم جێیهیشتین | جێیهیشتن | لێرەدا چەمك و بیری مردن, کەشتێکی واتاییە لە بوارە ئامانجیەکەدا لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بە شتێکی فیزیکی جوڵەدار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی وێناکراوە لە بوارە بنچینەییەکەدا. |

بینیمان کە زمانی کوردی زمانێکی یەکجار دەوڵەمەندە بەخوازەی چەمکیی, زۆربەی بوارەکانی ژیان شتی واتایی و چەمکیی ئەبستراکتی لەخۆدەگرن, بۆ وێناکردنی ئەو بیرو چەمکە واتاییانە, بەخوازەی چەمکیی دەردەبڕدرین کەتیایدا شتە واتاییەکان لە بوارە ئامانجیەکان بە شتی کۆنکریتی و بەرجەستەکراو وێنادەکرین لەبوارە بنچینەییەکاندا تاوەکو کەسی بەرانبەر باشتر لێیان تێگات. ئەم هێلکیاریەی ژمارە (2) باوترین بوارە ئامانجیەکان نیشاندەدات کە واتایی و نابەرجەستەکراون و بە شێوەی کۆنکریتی و بەرجەستەکراو لە بوارە بنچینەییەکاندا دەردەبڕدرین, واتە, بە تەن و شتی فیزیکی وێنادەکرین:

خوازەی چەمکیی

| بواری بنچینەیی(کۆنکریتیی) | بواری ئامانجیی (واتایی) |
|---|---|
| سۆزداری | هێز |
| ئارەزوو | هێز |
| ڕەوشت | ڕەنگ و ڕووەک |
| بیرکردنەوە | تەن و ئامێر |
| سیاسەت | یاریکردن |
| ئابووری | بنیاتنان / ئاڕاستە |
| پەیوەندییەکان | بنیاتنان |
| پێڕاگەیاندن | تەنی جووڵەدار |
| کات | تەنمی جووڵەدار |
| ژیان و مردن | گەشتکردن |

هێڵکاری (2): نیشاندانی باوترین بوارە ئامانجییە واتاییەکانە بە شێوەی کۆنکریتی لەبوارە بنچینەییەکان بەهۆی خوازەی چەمکییەوە لە زمانی کوردیدا.

**ئەنجامەکان**

1. خوازە, تەنیا هونەرێکی ڕەوانبێژی نییە و پەیوەست نییە بە ژانرە ئەدەبییەکانەوە, بەڵکو سەرچاوە و سەرهەڵدانی لە زمانەوەیەو بەکارهێنانی لەزماندا بەربڵاوترە.

2. ئەوخوازەیەی کە لەزمانی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێت بە"خوازەی چەمکیی" ناودەبردرێت, کە وەك دیاردەیەکی زمانی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هاتە ئاراوە. ڕادەی دەرکەوتنی خوازەی چەمکیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە یەکجار دەوڵەمەندە بەهەبوونی ئەو خوازەچەمکیە لەڕستەو دەستەواژە و دەربڕین و گفتوگۆیەکانی ڕۆژانەی دا.

3. مەبەست لەبەرکارهێنانی خوازەی چەمکیی برێتیە لە وێناکردنی بیری قسەکەر یان ئەوەی لە هزر و بیری قسەکەر دایە بە شێوەیەکی وینەیی و وینە بۆ کراو بگوازرێتەوە بۆ کەسی گوێگر لەڕێگەی زمانەوە.

4. لە زمانی کوردیدا دوو لقی خوازەی چەمکیی هەیە: ئەوانیش بواری بنچینەیی و بواری ئامانجی خوازەی چەمکیین.

-یەکەمیان، واتە بواری بنچینەیی خوازەی چەمکیی، ئەوخوازە چەمکییەیە کە شتی کۆنکریتی و بەرجەستەکراو بە شتی واتایی دەردەبڕدرین، وەك لەم ڕستەیەدا (نرخی خانوو بەرزبۆتەوە)، خانوو شتێکی کۆنکریتییە بەڵام لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بەشتێکی واتایی دەربڕدراوە کە نرخ بەرزبوونەوەیە.

-دووەمیان، واتە بواری ئامانجی خوازەی چەمکیی، کە تیایدا شتی واتایی و نابەرجەستەکراو، بەشتی کۆنکریتی و بەرجەستەکراوی وێنادەکرین، وەکو لەم ڕستەیەدا ( ئەم دوو قوتابیە هاوڕێیەتییەکی باشیان بنیات ناوە)، هاوڕێیەتی شتێکی واتایی و نابەرجەستەکراوە، لەڕێگەی خوازەی چەمکییەوە بە بنیاتنراو وێناکراوە کە شتێکی فیزیکیی و بەرجەستەکراوە.

٥. مەبەست لە بەرکارهێنانی خوازە چەمکیی لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردیەوە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیامی قسەکەر و ئاسانکردنی تێگەیاندنی کەسی گوێگر و بەرانبەرە لەپەیامەکەدا. هەربۆیە زمانی کوردی لە ئاستی هەر دوو لقی خوازەی چەمکییدا لە دەیان لایەن و بابەتی ژیان خوازەی چەمکیی بەکاردەهێنێت.

## سەرچاوەکان:

**١-بەزمانی کوردی**


● عەزیز گەردی(١٩٧٢) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم (رونبێژی البیان)

● کامل حسن البصیر(١٩٨١) زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەنکورد.

● علاءالدین سجادی(١٩٨٦) خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

● شیلان عومەر حسین(٢٠٠٩) ئیدیۆم چەشن و پێکهاتی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

● بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠) میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا ،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢ -بەزمانی ئینگلیزی

.vecses, Zoltan. (2010). Metaphor: A practical Introduction. Oxford: oxford University Press ●

.Lakoff, George, and Mark Johnson. (1980). Metaphors We Live By. Chicago: University of Chicago Press ●

.Mark Johnson. (1999). ● Philosophy in the Flesh. New York: Basic Books & Lakoff, George

.Johnson, Mark .(1987). ● The Body in the Mind. Chicago: University of Chicago Press

Grady, J. E. (2007). Metaphor. In The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics, geeraerts, D. and H. Cyckens, ●
● .eds., 188-213. Oxford: Oxford University Press

.University of Chicago Press. Lakoff, G. and Johnson, M. (2003[1980b]). Metaphors We Live By. London: The ●

Metaphor and thought (2nd ● ,(.Lakoff, George. (1993). The Conceptual Metaphor Theory. In A. Ortony (Ed ●
.ed.) (pp. 202-251). Cambridge: Cambridge University Press.

● hamdi, Sondes. (2008) CONCEPTUAL METAPHORS OF TIME
INENGLISH AND IN ARABIC: A COMPARATIVE COGNITIVE
STUDY, PhD thesis. Laval University.

**المجاز المفهومي في اللغة الكوردية**

**حاتم وليا محمد**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية التربيه- قسم اللغه الكورديه
Hatam.muhammad@su.edu.krd

**ملخص**

هذا البحث الموسوم (المجاز المفهومي في اللغة الكوردية) هي محاولة لاظهار و عرض التعابير المجازية 0التقليدية) مثل: الوقت. جسم الانسان، الصحة، والامراض و الحيوانات و النباتات و الاجهزة و الادوات ... الخ. باستخدام الاساليب التي تستخدمها المجاز المفهومي. و حسب المنهج اللساني المعرفي التي استخدمت لاول مرة من قبل لاكوف و جونسن في الثمانينات القرن الماضي. و يتكون البحث من فصلين رئيسيين وهما: الفصل الاول: حاول الباحث جاهدا في هذا الفصل ان يدرس المجاز المفاهيمي في اطار نظري و في الفصل الثاني حاول الباحث ان يوضح المفاهيم المجازية بامثلة توضيحية و تحليلية بحيث اننا لا نستطيع ان نعيش بدونهما.

**المصطلحات المهمة:** المجاز، المجاز المفهومي( المعرفي – العقلي) ، المجاز التقليدى، البلا غة، علم اللغة، المجال الاساسي، المجال المعنوي اوالدلالي

**Conceptual metaphor in the Kurdish language**

**Hatam Wilya Muhammad**
College of Education - Department of Kurdish Language / Salahaddin University-Erbil
Hatam.muhammad@su.edu.krd

**Abstract**

This research entitled (Conceptual metaphor in the Kurdish language) is an attempt to show and display the traditional metaphors such as: time. The human body, health, diseases, animals, plants, devices and tools ... etc. Using the methods used by the conceptual metaphor. According to the cognitive linguistic method, it was first used by Lacoff and Johnson in the 1980s. The research consists of two main chapters:

The first chapter: The researcher tried hard in this research to study the conceptual metaphor in a theoretical framework, and in the second chapter the researcher tried to clarify the metaphorical concepts with illustrative and analytical examples. Research that we cannot live without them.

**Keywords:** metaphor, conceptual metaphor, traditional metaphor, rhyme, communication, semantic field, basic field.